# بەبۆنەی پێنجەمین ساڵهاتی شەهیدکرانی حەمەرەش و هاوڕێکانی کوڕانی ئازای ئەم نەتەوەیەتان بە چ تاوانێك قەتڵوعام کرد؟

حسەین یەزدانپەنا

١١ی جۆزەردانی ئەمساڵ، ٢٠٠٣/٦/١ پێنجەمین ساڵوەگەڕی قەتڵوعامی ژمارەیەکی دیکە لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمانە. ئەو قەتڵوعامەی نەك لە لایان رێژیمە داگیرکەرەکان و بەدەستی هێزەکانیان، بەڵکوو بە فەرمانی سەرکردایەتیی حیزبێکی کوردی و بە زەبری چەکدارەکانی خوڵقا.

بەرەبەیانی رۆژی ١١ی جۆزەردانی پێنج ساڵ لەمەوبەر کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو لە سنوری ناوچەی خانێ هێزێکی گەورەی pkk پەلاماری بردە سەر شوێنی پشودانی دەستەیەك لە پارتیزانەکانی RUK و لە خەودا قەتڵوعامیان کردن.

لە ئاکامی ئەو قەتڵوعامەدا تێکۆشەری بەوەجی RUK و رۆڵەی خەباتگێڕی کورد کاك محەمەد نادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ٨ هاوڕێی بەناهەق و ناڕەوا شەهید کران.

پێشمەرگەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەو ساڵەدا و ساڵی پێشتر تەنیا پێشمەرگەی کوردستانی رۆژهەڵات بوون کە لەسەر خاکی نیشتمان خەریکی کاری پێشمەرگانە بوون. ئەوان لە شوێنێك جێگیرببوون کە هەرگیز دوژمنی داگیرکەر زەفەری پێنەدەبردن. بەڵام ئەوەیان بەخەیاڵدا نەدەهات هێزێکی کوردی خەیانەتیان پێبکا.

هێزە پەلامار دەرەکەی pkk پاش قەتڵوعامکردنی پێشمەرگەکانی RUK، ناوچەی تاوانەکەیان خستە گەمارۆوە و رێگەیان لە بە هاناوەچوونی ئەوانەی لە گەمارۆدا بوون یان بەدیل گیرابوون گرت. ئەوەی توانی خۆی دەرباز کرد، ئەوانەش کە بە برینداری بە دیل گیرابوون لە لایان گریلاکانی pkkوە گوللە باران کران. تەرمی ٩ شەهیدەکەیان باری وڵاخ کرد و دوو دەستی پێشکەشی پاسدارانی کۆماری ئیسلامییان کردن.

ئەو پەلامارە ناجوامێرانەیە و ئەو قەتڵوعامە دڕندانەیە لە کاتێکدا بوو کە نەك هەر هیچ نێوان ناخۆشیەك و گیروگرفتێك لە نێوان RUK و pkkدا نەبوو، بەڵکو RUK و pkk بە رواڵەت پێوەندییەکی دۆستانەیان هەبوو و ساڵی ١٩٩٧ RUK لە کۆبوونەوەیەك لە بلژیك کە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی سازکرابوو، ببووە ئەندامی "کۆمیتەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی". با بۆ مێژووش بیڵێین کە لێرە لە کوردستان برادەرانی پارتی لە پێوەندیی ئێمە و pkk بە گومان بوون. پێیان وابوو ئێمە لە کوردستان لەو سنورانە "تەنسیق"مان پێکەوە هەیە. بۆیە لەماوەی حەوتوویەك پێش ئەو رووداوەدا ٢ جار "هوشدار"یان پێدابووین.

ئەو رووداوە بۆ لەبیر کردن نابێ. تەنیا لەسەر ئێمەی هاوسەنگەری ئەو شەهیدە مەزلوومانە نییە کە بە زیندوویی بیهێڵینەوە. ئەرکی هەموو مرۆڤێکی بەویژدان و قەڵەم بەدەستێکی ئازاد و سەربەستی کوردە.

رەنگە پێمان بڵێن کە لە کوردستان زۆر خوێنی وا رژاوە و کورد راهاتووە بە خراپە لەگەڵ یەك کردن و لە شەڕی براکوژیدا هەزاران تێکۆشەری لەوان چاکتریش تێداچوون!

بەڵام ئاخر خۆ بۆ ئەو خراپە و خوێن رێژییانە هیچ نەبێ "پاساوێك" هەبووە. یان لە شەڕی دوولایەنی دژ بەیەکدا بووە، یان لەسەر کورسی و دەسەڵات، یان دەنا لەسەر ناوچە و پارە و. . . تاد.

بەڵام هیچکام لەو هۆیانە ئێمە و pkkی نەدەگرتەوە. بەپێچەوانەوە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان پیاوەتیی بەسەر ئەو حیزبەوە، زۆربوو. لە تەنگانەدا هاوکاریمان کردبوون، حەشارمان دابوون و خەڵکمان بۆ رزگار کردبوون، چەن جارێك بەهانایانەوە چووبووین و پشتیوانیمان لە تێکۆشانیان کردبوو.

ئەو تاوانە رووداوێکی بە هەڵکەوت نەبوو. لە لایان ژمارەیەك چەکدار یان فەرماندەیەکی یاخیی pkkشەوە ئەنجام نەدرابوو. ئەو تاوانە بە بڕیاری سەرکردایەتیی pkk کرا و ئاکامی رێکەوتن و سەودایەکی پیس و چەپەڵی نێوان سەرکردایەتی pkk و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران بوو. پارتیزانەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان کە دوژمنیان هەراسان کردبوو، بەو جۆرە "تەمبێ" کران!

ڕۆژێ پێش تاوانەکە، فەرماندەیەکی سپای پاسداران لە گوندی "زێوکە" لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو ناوچەیەی pkk کۆبوونەوەیان بەستبوو. پاش قەتڵوعامەکەش تەرمەکانیان باری وڵاخ کرد و پێشکەشی ئەوانیان کردن. ئێستاش کە ئێستایە دایك و باوك و کەسوکاری ئەو شەهیدانە، عەودالی دۆزینەوەی گۆڕی کوڕەکانیانن و هیچ دامودەزگایەکی ڕێژیم و هیچ قەبرستان و تەپۆڵکێکی ناوچەکانی خانێ نەماوە سۆراخی گۆڕی ڕۆڵەکانیان لێنەگرتبێ. ڕۆژی دوایش قافڵەی ماشینی بارهەڵگری تەقەمەنی و کەلوپەلی دەسخۆشانەی کۆماری ئیسلامی لە خانێوە بۆ بنکە و بارەگاکانی pkkی وڵات پارێزی چوار پارچە!؟ ئەوەندەی دیکە ئاوری لە جەرگی ئێمە و خەڵکی ئەو ناوچەیە بەردا.

پێنج ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕیوە. بەڵام تاونە، تاوانی وا لەبیر بکرێ. لەبیرکردنی تاوانی ئەوتۆ، دووبارە بوونەوەی ئاسان دەکا. ئاکامەکانی ئەوتاوانە هەر ئاکامی سیاسی نەبوون. بێجگە لە کوژرانی بەناهەقی ٩ کادر و پێشمەرگەی ئەم میللەتە، جەرگی ٩ دایك سووتا، ژمارەیەك کچ و کوڕی کورد لە نازی باوك بێبەش کران و هێندێکیان ئێشتاش چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکیانن و چەن ئافرەتێکی ڕوو سووری کوردیش بێوەژن کەوتن.

Pkk پاش ئەنجامدانی ئەو تاوانە نقەی لە خۆی بڕی و باسی لێوەنەکرد. لەو خەیاڵەدا بوو کە تاوانی وا گەورە و گران دەنگی لێنەبێتەوە. بۆیە کاتێ بێدەنگیی شکاند کە هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانە بڵاببووەوە. کاتێکیش زمانی ڕاگەیاندنە چەواشەکارانەکەی هاتە گۆ، باری تاوانەکەی لەسەر سەرکردایەتیی pkk گرانتر کرد. لەپێشدا وەك هەواڵی کوژرانی ژمارەیەك چەتە و ڕێگر لە تێکهەڵچوون لە تەك هێزەکانیدا بڵاوی کردەوە. دوایە کە دیتی مەسەلەکە لە کوژرانی ژمارەیەك چەتە و ڕێگر گەورەترە، ڕووی لە هەڵبەستنی درۆیەکی شاخداری دیکە کرد: ***چەکدارەکانی شۆڕشگێڕان ٢ گریلایان گرتووە، سەری یەکیان بڕیوە، داویانە بە پارتی دیمۆکرات و پارتیش پێشکەشی ترکیەی کردوە. گریلاکەی دیکەش لە دەستیان رای کردوە و خەبەری بە جەنگاوەرانی pkk داوە و ئەوانیش بەتۆڵەی ئەو کارەیان، هێرشیان بۆ بردوون.***

ئەمە بوو نێوەڕۆکی پاساوێ کە pkk بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە هێنایەوە. ئێمە لەکاتی خۆیدا بە ڕوونی و تێر و تەسەل وەڵامی ئەم قسە پوچانەمان داوەتەوە. هەر کەسێ حەز بکا دەتوانێ ژمارە ٢٨ی بڵاوکراوەی "یەکێتی" ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بخوێنێتەوە.

بۆیە ئێستا کە سەرانی pkk کەولی "کۆنگرەی ئازادی و دیمۆکراسی کوردستان – **کادەك**"یان لەبەر کردووە و پۆزی "شارستانیەت" و "دیالۆگ" و "دیمۆکراسی"یان گرتوە، دەبێ پێمان بڵێن ڕۆڵەکانی گەلی کورد، تێکۆشەرانی RUKیان بە چ تاوانێك قەتڵوعامکرد و لەگەڵ پاسدارانی داگیرکەردا تەرمەکانیان لەکام چاڵە قووت شاردوەتەوە؟

ئێمە بەناوی شەرەف و ئینسانیەت و کوردایەتییەوە، داوا لە هەموو لایەك بەتایبەت ڕوناکبیرانی سەربەست و بوێر دەکەین جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە بوروژێنن و بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بەرببینگی سەرانی: "کۆنگرەی ئازادی و دیمۆکراسی کوردستان – **کادەك**" بگرن. مرۆڤی مەرد و ڕەند بە هەڵوێستەکانیدا دەناسرێتەوە.

www. ruk2691. org
ruk2691@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.